# سیاسەتی نیوەی رێگە بەرەو سۆشیالیزم دەچێت

لۆدڤیک ڤۆن میسز

## پێشەکی

دۆگمای بنەڕەتی هەموو جۆرەکانی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئابوری بازاڕ یان سەرمایەداری سیستەمێکە زەرەر بە بەرژەوەندییە زیندووەکانی زۆربەی خەڵك دەگەیەنێت و خزمەتی قازانجی ژمارەیەکی کەم لە خەڵك دەکات (کە پەیڕەوی بنەمای تاکگەرایی دەکەن). و خەڵکیش راپێچی هەژاری هەڵکشاو دەکات.

هەروەها بەدبەختی و کۆیلەیەتی و ستەم لەگەڵ خۆی دێنێت و کاریش قۆرغ دەکات، لە هەمانکاتدا دەبێتە مایەی دەوڵەمەندکردنی چینێك لە مشەخۆری تەوەزەل کە کار ناکەن و هیچ سودێکیان نیە.

ئەو پرەنسیپە لە بەرهەمی کاری کارل مارکس نەبوو. بەڵکو پێشوەخت پەرەی پێدرابوو، پێش ئەوەی مارکس بکەوێتە ناو ئەو شەڕەوە. زۆربەی ئەوانەی کە کتێبەکانیان بڵاودەکردەوە خۆیان نوسەری مارکسی نەبوون، بەڵام کەسانی وەك کارلایل و رۆسکن، فابییە بەریتانییەکان (فابییەکان دەیانویست سۆشیالیزم بە ڕێگەی ئاشتییانە بڵاوبکەنەوە، واتە بەدور لە شۆڕش)،

هەروەها مامۆستا ئەڵمانییەکان و دامەزراوەییە ئەمەریکییەکان (ئەوانەی کە بایەخیان بە بێدەرەتان و پەککەوتوەکان دەدا) بوون.

ئەو راستییەش زۆر گرنگە بزانرێت کە دروستیی ئەو دۆگمایە تەنها لەلایەن ژمارەیەکی کەمی ئابوریناسانەوە رەخنەی لێگیرا، کە بە پەلە بێدەنگکران و ڕێگەیان لێگیرا بچنە زانکۆکان و لە میدیاکاندا دەربکەون و ببنە سەرکردەی پارتە سیاسییەکان و لە هەمووشی گرنگتر پێش ئەوەی هیچ پۆستێکی حکومەتی بگرنە دەست. رای گشتیش ناوزڕاندنی سەرمایەداری بەبێ یەك و دوو پەسەندکرد.

## سۆشیالیزم

بەڵام بێگومان ئەو دەرەئەنجامە سیاسییە پراکتیکیانەی کە خەڵك لەم دۆگمایە بەدەستیان هێنا بەهیچ شێوەیەك هاوگونجاو و هاوشێوە نەبوو. یەکێك لە گروپەکان راگەیاند کە تەنها تاقە ڕێگەیەك هەیە بۆ سڕینەوە و دەربازبوون لە شەڕانگێزییانە، ئەویش سڕینەوەی تەواوەتی سەرمایەدارییە. ئەوان بانگێشەی ئەوەیان دەکرد هێزەکانی بەرهەمهێنان لە ژێر دەستی کۆنترۆڵی تایبەت دەربهێنن و بیخەنە ژێر دەستی کۆنترۆڵی گشتییەوە.

ئەوان ئامانجیانە سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم پلانداناں،یان سەرمایەداری دەوڵەت دابمەزرێنن. هەموو ئەم چەمکانەش یەك ئاماژەن بۆ هەمان شت. چیتر نابێت بەکاربەران (مستهلك) لە ڕێگەی کڕینەوە یان نەکڕینەوە دەستنیشانی ئەوە بکەن چی بەرهەم دەهێنرێت و بڕی چەند و بە چ چۆنایەتییەك.

لە ئێستاش بەدواوە، پێویستە تاقە دەسەڵاتێکی ناوەندی هەڵبستێت بە ئاراستەکردنی سەرجەم چالاکییەکانی بەرهەمهێنان.

## دەستێوەردانی حکومەت- بەحساب سیاسەتی نیوەی ڕێگە (سیاسەتی نێوەند)

گروپێکی دیکە هەیە کە پێدەچێت کەمتر رادیکال بێت. ئەوان سۆشیالیزم بە رادەیەك ڕەتدەکەنەوە کە زۆری کەمتر نیە لە ڕەتکردنەوەیان بۆ سەرمایەداری. ئەوانە بانگێشە بۆ سیستەمێك دەکەن، کە وەك خۆیان دەڵێن بەقەدەر دوری لە سەرمایەدارییەوە، لە سۆشیالیزمەوە دورە. بەو پێیەی کە ئەمە سیستەمی سێهەمە لە روی ڕێکخستنی ئابووریی کۆمەڵگاوە، بەو پێیەش لە نێوەندی ڕێگادا دەمێنێتەوە لەنێوان هەردوو سیستەمەکەی دیکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سیستەمە خاسییەتەکانی هەردوو سیسیتەمەکەی دیکەی تێدایە، بەڵام هەوڵی ئەوە دەدات لە خراپی و لایەنە نێگەتیڤەکانی هەردووکیان دەربازبێت.

ئەم سیستەمی سێهەمەش بە سیستەمی دەستێوەردانخوازی دەناسرێت. و لە زاراوەگەلی سیاسی ئەمەریکادا بە "سیاسەتی نێوەندی ڕێگە" ناسراوە.

ئەوەی وادەکات ئەم سیستەمی سێهەمە ڕەواجی هەبێت لەنێو زۆربەی خەڵکدا ئەو ڕێڕەوە تایبەتەیە کە هەڵیبژاردوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گرفتانەی کە دێنە ڕێگەی. بەو شێوەیەی ئەوان تەماشای دەکەن، دوو چین هەیە، ئەوانیش سەرمایەداران و ئەنترۆپەنۆر (ئەو کەسەی کە کۆمپانیایەك دادەمەزرێنێت و بەڕێوەی دەبات بە تایبەتی لەبواری بزنس دا کە زۆرجار دەستپێشخەری و موجازەفەی تیایە، زۆرجار ئەو شوێن و بوارانە دەگرێتەوە کە پێشتر ئەو جۆرە پرۆژەیەی تێدا نەکراوە)لە لایەك و کرێکاران و ئەوانەی کە موچە وەردەگرن لەبەرامبەر ئەو کارەی کە دەیکەن لە لایەکی دیکە. ئەم دوو لایەنە لە وتوێژی بەردەوامدان لەبارەی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی سەرمایە و چالاکییە ئەنترۆپەنۆرییەکان.

هەردولا هەڵپەی ئەوەیانە هەموو نێچیرەکە بۆ خۆیان ببەن. لەم بارەدا، ئەوانەی بانگێشەی نێوەندی ڕێگە دەکەن دەڵێن با ئاشتی بەرقەراربکەین لەڕێگەی دابەشکردنی ئەو بەهایەی کە ناکۆکی لەسەرە بە شێوەکی یەکسان لەنێوان دوو چینەکەدا. پێویستە دەوڵەت لە نێودا بێت وەك حەکەمێکی پاك و بێ لایەنگیری، هەروەها بتوانێت جڵەوی چاوچنۆکی سەرمایەداری بکات و بەشێك لە قازانج دابنێت بۆ چینە کارگەرەکان. بەم جۆرە دەتوانرێت سەرمایەداری چاوبرسی لە عەرش بخرێت بەبێ ئەوەی سۆشیالیزمی سەرکوتکەر بخرێتە سەر عەرش.

سەربارەی هەموو ئەمانەش، ئەو جۆرەی لە شێوازی حوکمدان بەسەر مەسەلەکاندا خۆی لە خۆیدا سەرتاپای هەڵەیەکی گەورە و چاوبەستییە. کێشمەکێشی نێوان سەرمایەداری و سۆشیالیزم لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکان نیە. بەڵکو جیاوازییەکە لە نێوان دوو پلاندایە بۆ سیستەمی ئابوری کۆمەڵگا –سەرمایەداری و سۆشیالیزم- کامیان باشتر دەتوانێت ئەو ئامانجانەی کە سەرجەم خەڵکی بە دوا ئامانجی ئەو چالاکییانە دادەنێن بهێننەدی کە پێیان دەوترێت ئامانجە ئابورییەکان، ئەوەش بەمانای باشترین دابینکردنی لەباردێت بۆ ئەو کەلوپەل و خزمەتگوزارییە بەسودەکان.

سەرمایەداری لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەدایە لەڕێگەی کۆمپانیا و دەستپێشخەرییە تایبەتەکانەوە، ئەوەش لەسەر بنەمای پڕدەسەڵاتی خەڵك لە کڕین یان نەکڕینی کەلوپەل لە بازاڕدا. سۆشیالیستەکان دەیانەوێت پلانی دانسقەی دەسەڵاتی ناوەندیی بخەنە جێگەی پلانەکانی تاکەکەسە جیاوازەکان.

ئەوان دەیانەوێت ئەوەی مارکس ناوی دەبات بە "بێسەروبەریی بەرهەمهێنان" بگۆڕن بە قۆرغکردنی تەنیابالّ لەلایەن حکومەتەوە. کێشمەکێشەکە ناگەڕێتەوە بۆ شێوازی دابەشکردنی بەشێکی دیاریکراو لە هۆیەکانی حەوانەوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی سەرجەمی ئەو کەلوپەلانەی کە خەڵکی خوازیارن چێژیان لێببینن.

ململانێی نێوان ئەو دوو پرەنسیپە ئەگەری هێوربونەوە و ئاشتبونەوەی تێدا نیە و بەهیچ چارەسەرێکی نێوەراستیش چاك نابێت. کۆنترۆڵکردن نادابەشکراوە. یان ئەوەتا داواکاری بەکاربەر دەستنیشانی بازاڕ و ئامانج و شێوازی بەکاربردنی یەکەکانی بەرهەمهێنان دەکات، یان ئەوەتا حکومەت ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ. هیچ هێزێك نیە ناکۆکی نێوان ئەم دوو پرەنسیپە دژیەکە کەمتربکاتەوە. هەریەکەشیان بەربەستی ئەویتریان دەکات.

دەستێوەردانی حکومەتیش نێوەندێکی ئاڵتونی نیە لەنێوان سەرمایەداری و سۆشیالیزمدا. بەڵکو ئەوە سیستەمی سێهەمی ڕێکخستنی ئابوری کۆمەڵگایە و پێویستیشە لەسەر ئەو بنەمایە بنرخێنرێت.

## دەستێوەردانی حکومەت چۆنە

قسەکردن لەسەر باشییەکانی سەرمایەداری و سۆشیالیزم ئەرکی ئەم گفتوگۆیە نیە. بەڵکو من لێرەدا تەنها قسە لەسەر دەستێوەردانی حکومەت دەکەم. هەروەها ناشمەوێت بچمە ناو هەڵسەنگاندنێکی حوکمدەرانە بۆ دەستێوەردانی حکومەت لەسەر بنەمای هەر دیدێکی پێشەوەخت. خەمی سەرەکیم تەنها بریتی دەبێت لە ڕونکردنەوەی شێوازی کارکردنی دەستێوەردانی حکومەت و ئایا دەکرێت بە شێوازێك لە سیستەمێکی بەردەوامی دابنێین بۆ ڕێکخستنی ئابوری کۆمەڵگا یان نا.

بانگێشەبۆکەرانی دەستێوەردانی حکومەت جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لەپلانیاندایە موڵکدارێتی تایبەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و زیادکردنی کار و ئاڵوێرەکانی بازاڕ وەك خۆی بهێڵنەوە. بەلاّم بەردەوامیش ئەوە دوبارە دەکەنەوە کە کارێکی زۆر هەنوکەییە ڕێگە بەو دامەزراوە سەرمایەدارییانە بگیرێت لە بلاّوبونەوەی بێسەروبەری بێشومار و ئیستیغلالکردنی زۆربەی خەڵك بەشێوەیەکی نەشیاو و نا یەکسان. ئەرکی حکومەتە کە کۆتوبەند دابنێت لە ڕێگەی فەرمان و قەدەغەکردنی تەماحکاری چینە موڵکدارەکان تاوەکو تینوێتییان بۆ موڵکداری زیاتر زیان بە چینە هەژارەکان نەگەیەنێت. ئەو سەرمایەدارییەی سنوری بۆ دانەنراوە و حکومەت دەستوەرنادات کارەکانی، ئەوە سەرمایەدارییەکی شەرانگێزی لێدەکەوێتەوە.

بەڵام بە کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو شەرانگێزییەی، پێوستی لەناوبردنی تەواوەتی دەبێتە شتێکی ناپێویست. بواری ئەوەش هەیە سیستەمی سەرمایەداری باشتربکرێت لەڕێگەی دەستێوەردانی حکومەت لە کاروباری سەرمایەداران و ئەنترۆپەنۆرەکاندا. ئەم جۆرە لە ڕێکخستنی کارەکان لەلایەن حکومەتەوە تاقە ڕێگەیە بۆ دورکەوتنەوە لە ئەگەری سۆشیالیزمی ستەمکار و ڕزگارکردنی ئەو خاسیەت و سیمایانەی سەرمایەداری کە شایەنی ئەوەن بهێڵرێنەوە.

لەسەر بنەمای ئەم فەلسەفەیەوە، باوەڕدارانی دەستێوەردانی حکومەت چەندین ڕێگەچارەیان لەلایە. با یەکێك لەو ڕێگە چارانە بە نمونە وەربگرین کە بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی نرخەکان کە زۆر باوە.

## چۆن کۆنترۆڵکردنی نرخەکان دەچێت بەرەو سۆشیالیزم

بۆ نمونە حکومەت وا هەست دەکات کە نرخی شیر زۆر بەرزە و دەیەوێت وایلێبکات کە هەژاران توانایان هەبێت بیکڕن و شیری زیاتر بدەن بە منداڵەکانیان. بۆیە حکومەت نرخی شیر دیاریدەکات و نرخەکەی بەشێوەیەك جێگیردەکات کە کەمتر بێت لە نرخی باو لە بازاڕی ئازاددا. دەرئەنجام، بەرهەمهێنەرە پەراوێزییەکانی (ئەو بەرهەمهێنەرە تاکانە دەگرێتەوە کە بەرهەمەکانیان بە حاڵ قازانج دەکات لە سایەی نرخی بازاڕ و توانای بەرهەمهێناندا) شیر کە بەرهەمهێنان بۆیان زۆرتری تێدەچێت، زەرەر دەکەن.

بەو پێیەشی کە هیچ خاوەن کێڵگەیەك و خاوەن پیشەیەك ناتوانێت بەردەوام بێت لە بەرهەمهێناندا ئەگەر بەردەوام زەرەر بکات، بۆیە مانگاکانیان و شارەزاییەکانان بەکاردەهێنن بۆ شتێك کە قازانجی زیاتر بکات. بۆ نمونە، دەستدەکەن بە بەرهەمهێنانی کەرە و پەنیر و گۆشت. بەم پێیەش شیر لە بازاردا کەمدەبێتەوە. ئەمەش بێگومان لەگەڵ نیەتی حکومەتدا یەکناگرێتەوە. چونکە حکومەت نیازی وابوو کە مەسەلەکە ئاسان بکات و خەڵك توانای کڕینی شیریان زیاتربێت. بەڵام لە ئەنجامی دەستێوەردانییەوە، بڕی فەراهەمی شیر لەبازاردا کەمتربووەوە. ئەمەش لە گۆشەنیگای حکومەت خۆی و ئەوانەشی کە پشتگیریان دەکرد دەردەکەوێت کە سەرکەوتوونەبوە.

بۆیە ئێستا حکومەت لەبەردەم ئەڵتەرناتیڤێکدایە، دەتوانێت ئەو بڕیارەی بەتاڵبکاتەوە و چیتر دەستوەرنەداتە دیاریکردنی نرخی شیرەوە.

بەڵام ئەگەر هاتو بەردەوامبوو لەسەر ئاراستەکەی خۆی بە هێشتنەوەی نرخی شیر لەخوار ڕێژەی نێوەندی فرۆشتنی شیرەوە کە بازار دیاریدەکات و لەهەمان کاتیشدا بیەوێت ڕێژەی بەرهەمهێنانی شیر وەك خۆی بمێنێتەوە، پێویستە لەسەری کاربکات بە ئاراستەی دۆزینەوەی جەدوا بۆ کاری بەرهەمهێنەرە پەراوێزییەکان. لەسەریشیەتی لە هەمان کاتدا کە نرخی شیر کەمدەکاتەوە، لە هەمان بڕیاردا نرخی ئەو پێکهاتە و پێداویستیانەش کەمبکاتەوە کە پێویستن بۆ بەرهەمهێنانی شیر بۆ نرخێکی هەرزان تاوەکو بەرهەمهێنەرانی شیر توشی زەرەر نەبن و بەو پێیەشی بەرهەمهێنانی کەمناکەنەوە.

بەڵام ئەو کات چیرۆکەکە خۆی دوبارە دەکاتەوە ئەم جارە شوێنێکی دیکە ئەویش بە کەمبونەوەی بەرهەمی پێکهێنەرە پێویستەکان بۆ بەرهەمهێنانی شیر، بەمەش دەگەینەوە خاڵی سەرەتا. ئەگەر ئەو کات حکومەت ئامادەنەبوو دانبەوەدا بنێت کە سەرکەوتوونەبووە لە کارەکەیدا، بۆیە پێویست دەبێت لەسەری فشاری زیاتر بەکاربهێنێت بۆ چەسپاندنی نرخی پێکهێنەرەکانی بەرهەمهێنانی شیر.

ئەمەش حکومەت ناچاردەکات لەوە زیاتر بڕوات و لەسەر بنەمایەکی هەنگاو بە هەنگاو دەستبکات بە جێگیرکردنی نرخی سەرجەم کەلوپەلە بەکارهاتووەکان و هەموو پێکهاتەکانی بەرهەمهێنان، واتە هێزی کار و کەرەستە، و فەرمانبدات بە هەموو خاوەنکار و کرێکارەکان بە بەردەوامبوون لەسەر کارکردن و بەرهەمهێنانی بەو نرخ و کرێیانەی کە دانراون.

ناکرێت هیچ لقێکی بەرهەمهێنانی پیشەسازییەك پشتگوێ بخرێت لەو نرخدانان و کرێ نوێیەدا و هەروەها وابەستەبونیان بە بەرهەمهێنانی ئەو بڕەی کە حکومەت داوایان لێدەکات بەرهەمی بهێنن. لەبارێکدا ئەگەر هاتوو هەندێك لق وەك خۆی هێڵرایەوە و نەخرایە ژێر باری ئەو نرخدانانەوە بەو پێیەی کە ئەو کەلوپەلانەی بەرهەمی دەهێنن زۆر سەرەکی نین یان بە کەمالیات دادەنرێن، بەو پێیە سەرمایەگوزاری بەرەو ئەو جۆرە لە بەرهەم دەچێت بەو پێیەش ئەو مەوادانەی کە نرخیان بۆ دانراوە بەرهەمیان کەمدەبێتەوە. بەڵام کاتێك ئەم جۆرە چاودێری گشتگیری کارەکان دێتەدی، ئەو کات هیچ شتێك نامێنێت بە ناوی ئابوری بازاڕەوە.

بەو پێیەش هاوڵاتیان ناتوانن لە ڕێگەی کڕین یان نەکڕینی کەلوپەلەوە دەستنیشانی ئەو شتانە بکەن کە پێویستە بەرهەمبهێنرێن و بە چ شێوەیەکیش. توانای دیاریکردنی ئەو شتانە دەچێتەوە لای حکومەت. ئەمەش چیتر پێیناوترێت سەرمایەداری، بەڵکو دەبێتە پلانرێژی گشتگیر لەلایەن حکومەتەوە، واتە سۆشیالیزم.

## سۆشیالیزمی ئابوری زۆرەملێ

بێگومان یەکێك لە ڕاستییەکان ئەوەیە کە ئەم جۆرە لە سۆشیالیزم هەندێك لە سیفات و سیما دەرەکییەکانی سەرمایەداری لەخۆیدا هەڵدەگرێت. بە شێوەیەکی ڕەسمی مافی موڵکایەتی تایبەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و نرخ و کرێ و بڕی قازانج بۆ خۆی دەهێڵێتەوە. لە ڕاستیشیدا هیچ شتێك نامێنێتەوە کە بیگرێتەبەر جگە لە دەسەڵاتی ڕەها و بێ کۆتوبەند. ئەوە حکومەتە کە فەرمان دەداتە خاوەنکار و سەرمایەدارەکان کە چ شتێك بەرهەم بهێنن و بە چ بڕ و جۆرێکیش، و بە چ نرخێك دەکڕن و لە کێ، و بە چ نرخێك دەفرۆشن و بە کێ. هەرچی ئالۆیر و گۆڕینەوەکانیشە لە بازاڕدا لە خەڵەتاندن زیاتر هیچی تر نین. دەسەڵات هەموو نرخەکان و کرێ و بڕی قازانج دیاریدەکات. ئەوانەش تەنها نرخ و کرێ و بڕی قازانجی ڕوکەشن. لە ڕاستیشدا تەنها ئەو پەیوەندیانەن کە پابەندن بەو بڕانەوە کە حکومەت فەرمانیان دەردەکات. حکومەت، نەك بەکاربەران، ئاراستەی بەرهەمهێنان دەکات. حکومەتیش داهاتی هاوڵاتیان دیاریدەکات و ئەو وەزیفانەش دەداتە هاوڵاتییان کە بۆی

دەستنیشانکردون. ئەمەش سەرمایەداریە لەبەرگی سۆشیالیزمدا. ئەمە ئابوری زۆرەملێی ئیمبراتۆریەتی ئەڵمانی هێتلەرییە و ئابوری پلانرێژراوی بەریتانیایە.

## ئەزمونی ئەڵمانیا و بەریتانیا

لەبەرئەوەی پلانرێژی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە باسمکرد بەتها بریتی نیە لە پێکهاتێك یان بونیادێکی تیۆری، بەڵکو وێنەیەکی وەسفئامێزی راستەقینەی بەدوایەکداهاتنی رووداوەکانە کە سۆشیالیزمی هێنایە ئەڵمانیا و بەریتانیا و چەند وڵاتێکی دیکە.

ئەڵمانەکان لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا دەستیانکرد بە نرخدانان بۆ کۆمەڵێکی بچوك لە کەلوپەلە بەکاربراوەکان کە بە پێداویستیی سەرەکی دادەنران. سەرنەکەوتنی ئەو ڕێگەچارانە وایلێکردن کە لەوە زیاتر بڕۆن تا گەیشتە ئەوەی پلانی هیندنبۆرگ دابنێن لە نیوەی دووەمی جەنگدا. لە چوارچێوەی پلانی هیندنبۆرگدا، هیچ بوارێك نەهێڵرایەوە بۆ هەڵبژاردنی ئازاد لەلایەن بەکاربەرانەوە و بەهەمان شێوەش بۆ کار کە پشت بە ماڤی دەستپێشخەری خاوەنکارەکان دەبەست. هەموو چالاکییە ئابورییەکان بێ قەید و شەرت خراونەتە ژێر چاودێری یەکلایەنەی دەسەڵاتەوە. شەپۆلی دۆڕانی سەرتاپاگیری قەیسەر بە هەموو دەزگا ئیدارییەکانی ئیمبراتۆریەتدا بڵاوبوەوە، و لەگەڵ خۆشیدا کۆتایی بە پلانە بریقەدار و بەزۆر سەپێنراوەکەش هێنا.

بەڵام لە ساڵی 1931دا، راوێژکار برونگ دەستیکرد بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نوێی ڕێکخستنی نرخ. و هاوپەیمانەکانیشی سەرەسختانە شوێنپێیان هەڵگرت، کە یەکەمینان هێتلەر بوو، دەرئەنجام چیرۆکەکە خۆی دوبارەکردەوە.

بەریتانیا و هەموو ئەو وڵاتانەی دیکەش کە لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا ڕێوشوێنی چاوێریکردن و ڕێکخستنی نرخیان گرتەبەر هەمان گرفتیان هەبوو. زۆرکرا بۆ ئەوەی شتەکان بەرەو پێش بچن. بەڵام هێشتا لەسەرەتای گەشەیدابوو کاتێك سەرکەوتن و نارەزایی گەل بوە مایەی لابردنی هەموو ئەو پلانانەی پەیوەندیان بە چاودێری بازاڕەوە هەبوو.

مەسەلەکە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا جیاوازبوو. بەریتانیا ئەو کاتە ڕێگەیەکی گرتەبەر بۆ دیاریکردنی نرخی هەندێك کەلوپەلەکان کە بە سەرەکی دادەنران. و ناچاریش بوو کە زیاتر بەردەوام بێت لەسەری و بەرو شوێنێکی دورتری بەرێت تا کار گەیشتە گۆڕینی سەراپاگیری پلانی ئابوری وڵات و جیگرتنەوەی بە ئازادی ئابوری. کاتێك شەر دەستیپێکرد، بەریتانیا بریتیبوو لە کۆمۆنوێڵسێکی سۆشیالیستی.

جێگەی سەرنجە ئەوەمان بێتەوە یاد کە سۆشیالیزمی بەریتانیا لە ڕێگەی حکومەتەکەی مستەر ئاتلی کرێکارییەوە نەهاتە بەرهەم، بەڵکو لەڕێگەی وەزارەتی جەنگەوە کە وینستۆن چەرچل سەرۆکایەتیدەکرد. ئەوەی پارتی کرێکارانی بەریتانیا کردی بریتی نەبوو لە دامەزراندنی سۆشیالیزم

لە وڵاتێكی ئازاددا، بەڵكو بریتیبوو لە هێشتنەوەی سۆشیالیزم وەك ئەوەی لە سەردەمی جەنگ و دوای جەنگدا هاتە بوون.

ئەم راستیە پەردەپۆشكرا لە ڕێگەی ئەو هەستە نەتەوایەتییەوە كە دروستبوو پاش بەخۆماڵیكردنی بانكی ئینگلاند و كانە خەڵوزەكان و چەند بوارێكی تری پیشەوە. سەرباری ئەوەش، پێویستە بەریتانیا بە وڵاتێكی سۆشیالیستی ناوببرێت نەك لەبەر ئەوەی بە شێوەیەكی رەسمی موڵكایەتی هەندێك پرۆژەی هەڵوەشاندەوە و خۆماڵیكردن، بەڵكو لەبەر ئەوەی هەموو چالاكییە ئابورییەكانی لەژێر چاودێری و كۆنترۆڵی تەواوی حكومەت و دامەزراوەكانیدابوو. حكومەت هەڵدەستا بە ئاراستەكردنی دیاریكردنی سەرمایە و هێزی كار بۆ بوارە جیاجیاكانی كار و پیشە.

حكومەت هەڵدەستا بە دیاریكردنی ئەوەی دەبوو بەرهەمبێنرێت. و سەروەری لە زۆربەی چالاكییە پیشەییەكاندا بەتەنها بۆ حكومەتبوو. و میللەتیش خرایە بارێكەوە كە بەتەواوەتی لە ژێر سایەی ویسایەتی حكومەتدابوو و ناچاریش بوو بەبێ قەید و شەرت ملكەچی فەرمانەكانی بێت. هەرچی پیشەوەر و خاوەنكارە نوێ و پیشینەكانیشە، تەنها چەند ئەركێكی لاوەكییان پێدەسپێردرێت. هەموو ئەوەی كە ڕێگەیان پێدراوە سەربەستانە بیكەن بریتیە لە جێبەجێكردنی بڕیاری فەرمانگەكانی حكومەت.

ئەوەی پێویستە بیزانین ئەوەیە كە دیاریكردنی نرخ، كە بە تەنها كاریگەری دەبێت لەسەر ژمارەیەكی كەمی كەلوپەل، سەركەوتو نابێت لە پێكاندنی ئامانجەكەیدا. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە، چەندین كاریگەری جێدەهێڵێت كە لە گۆشەنیگای حكومەت خۆشییەوە لە باری پێشخۆی خراپترە كە حكومەت هەوڵی گۆڕینی دەدات. ئەگەر حكومەتیش بیەوێت ئەو كاردانەوە حەتمیانەی كە ویستراو نیین بسڕێتەوە، بەردەوام دەبێت لەسەر ڕێڕەوەكەی خۆی و لە دوا جاریشدا هەڵدەستێت بە گۆڕنی سیستەمی سەرمایەداری و دامەزراوەكانی بۆ سۆشیالیزم لە جۆری هیندنبێرگ.

## قەیرانەكان و بێكاری

هەمان شتیش راستە بۆ هەموو جۆرەكانی دیكەی خۆسەپاندنی لە دیاردەكانی بازڕدا.

لانی كەمی ڕێژەی مامناوەندی كرێ، جا ئایا بەگوێرەی بڕیارێك بێت كە لەلایەن حكومەتەوە دەركرابێت و سەپێنرابێت یاخودی لە ڕێگەی بەكارهێنانی هێز و فشاری سەندیكای كرێكارانەوە ، ساڵ بە ساڵ بێكارییەكی بەكۆمەڵی درێژخایەنی لێدەكەوێتەوە ئەویش لەرێگەی بەرزكردنەوەی ئاستی مامناوەندی كرێ بۆ سەرو كرێی بازاڕی ئازاد و كۆتنەكراو.

هەوڵەكانی كەمكردنەوەی ئاستی مامناوەندی سود لە ڕێگەی بەرفراوانكردنی ئیعتیماداتەوە، راستە دەبێتە هۆی خولقاندنی وادەیەك لە بوژانەوەی بیزنس. بەلام ئەو خۆشگوزەرانییەی لێیدەكەوێتەوە تەنها بەرهەمێكە بە شێوەیەكی دەستكرد هاتۆتە بوون و دەشبێتە هۆی كەمبونەوەی نرخ و كەسادی

ئابوری. خەڵكیش ناچاردەبن باجی گەورەی ئەو پارە ئاسانە دەتكەوتوە بێسەروبەرە بدەن كە لە ئەنجامی فراوانكردنی ڕەسید و هەڵئاوسانەوە دروست دەبێت.

دوبارەبونەوەی ماوەی كەسادی ئابوری و بێكاری بەكۆمەڵ بۆتە مایەی زراندنی ناوی سەرمایەداری لە نێو ئەو خەڵكانەدا كە تواناى جیاوازیكردنیان لاوازە. سەرباری ئەوەی ئەو ڕوداوانە لە ئەنجامی كاری بازاری ئازادەوە نەهاتونەتە بوون. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە، ئەمە دەرئەنجامی دەستێوەردانی حكومەتە بە نیەتی باشەوە بەڵام بەبێ بوونی حیكەمەتی بازاڕ.

تاقە ڕێگەیەك بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی مامناوەندی كرێ و ئاستی گشتیی گوزەران تەنها بریتییە لە زیادكردنی سەرمایە بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتواندا. تاقە ڕێگە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی مامناوەندی كرێ بە شێوەیەكی هەمیشەیی و بۆ هەموو ئەوانەی كە بەدوای كاردا دەگەڕێن و خوازیاری دەستكەوتنی كرێن، تەنها لە ڕێگەی زیادكردنی بەرهەمی هەوڵی پیشەسازییەوە دەبێت ئەویش بە زیادكردنی پشكی(ڕەسید) هەموو تاكەكان لە سەرمایەگوزاری كاردا. ئەوەی وایكردوە ئاستی كرێ لە ویلایەتە یەكگرتوەكان بە ڕێژەیەكی بەرچاو لە هی وڵاتانی ئاسیا و ئەوروپا بەرزتربێت بریتییە لەو ڕاستییەی كە پشتگیری هەوڵ و گرفتەكانی كرێكاری ئەمەریكی بە ئامرازی زیاتر و باشتر دەكرێت. ئەوەی كە لە تواناى حكومەتێكی باشدایەی ئەنجامیبدات بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی خۆشكوزەرانی دارایی گەل، بریتییە لە دامەزراندن و پاراستنی سیستەمی دامەزراوەیی كە هیچ جۆرە بەربەستێكی تێدا نیە لەڕوی كەڵەكەبونی هەڵكشاوی سەرمایەی نوێی پێویست بۆ باشتركردنی شێوازەكانی بەرهەمهێنانی تەكنەلۆجیا. ئەمەش ئەوەیە كە سەرمایەداری لە ڕابردودا بەدەستی هێناوە و لە داهاتوشدا دەیكات، ئەگەر تێكوپێك نەدرێت لە ڕێگەی سیاسەتێكی هەڵەی سەركەشانەوە.

## دوو ڕێگە بەرەو سۆشیالیزم

ناكرێت دەستێوەردانی حكومەت وەك سیستەمێكی ئابوریی تەماشابكرێت كە چارەنوسی مانەوەیە. بەڵكو شێوازێكە لە گۆڕینی سەرمایەداری بۆ سۆشیالیزم لەڕێگەی چەند هەنگاوێكی بەدوایەكدا هاتوو. بەو پێیەش جیاوازە لەوەی كە كۆمەنیستەكان دەیانەوێت سۆشیالیزم بە یەك پیاكێشان بەدی بهێنن. جیاوازییەكەش ناگەڕێتەوە بۆ دوا ئامانجی بزوتنەوە سیاسییەكە، بەڵكو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كەرەستە تەكتیكییانەی كە پەنایان بۆ دەبردرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك كە هەردوو گروپەكە لە هەوڵی بەدیهێنانیدان.

كارل ماركس و فرێدریك ئەنگلس هەریەك لە ئەو دوو ڕێگەیەیان بە پەسەند زانیوە بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم. لە ساڵی 1848دا، و لە مانیفێستی كۆمۆنیستتدا، هەردوكیان هەستاون بە كورتكردنەوەی پلانی گۆڕانی پلە بە پلەی سەرمایەداری بۆ سۆشیالیزم. پێویستە ئاستی چینی پرۆلیتاریا بەرزبكرێتەوە بۆ ئاستی چینی فەرمانڕەوا و بەكارهێنانی سەروەرییەكەی "بۆ ئەوەی هەنكاو بە هەنگاو سەرتاپای سەرمایە لە چینی بۆرژوا بسەندرێتەوە."

هەردوکیشیان ڕایانگەیاندوە کە "ئەمەش تەنها لەرێگەی هێرشی توندەوە دێتەدی بۆ سەر مافی مولکایەتی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، بەو پێیەش، بەهۆی چەند ڕێگە چارەیەکەوە کە لە ڕوی ئابورییەوە بەپێی پێویست نیە و ناکرێت داکۆکی لێبکرێت، بەڵام لەکاتی بزوتنەوەکەدا تێیدەپەڕێنێت، ئەویش پێویستی بە هێرشی زیاتر دەبێت بۆ سەر سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆن، کە هیچ ڕێگە چارەیەك نیە بۆ ئەنجامدانی شۆرشێك لە سەرتاپای شێوازی بەرهەمهێناندا." بەم ئاراستەیەشدا هەستاون بە ژماردنی 10 ڕێگە چارە بۆ گەیشتن بەم ئاستە.

لە ساڵانی دواتردا مارکس و ئەنگلس ڕایان گۆڕی. مارکس لە پەرتوکە سەرەکییەکەیدا "سەرمایە" کە لە ساڵی 1867 دا بڵاوکرایەوە، مارکس شتەکانی بەشێوەیەکی جیاواز دەبینی. سۆشیالیزم هەر دەبێت بێتەدی "لەگەڵ حەتمەییەتی یاسای سروشت". بەڵام ناکرێت سەرهەڵبدات پێش ئەوەی سەرمایەداری بگاتە قۆناغی پێگەیشتنی خۆی.

تەنها یەك ڕێگەش هەیە بۆ هەرەسهێنانی سەرمایەداری، ئەویش بریتییە لە پەرەسەندنی هەنگاو بە هەنگاوی سەرمایەداری خۆی. تەنها ئەو کاتەش، دوایین گەورە شۆرشی چینی کرێکار گورزی کوشندەی خۆی دەوەشێنێت و سەردەمی خۆشگوزەرانی و ژیانی شاد دێتە ئاراوە.

لە گۆشە نیگای ئەم باوەڕەوە، مارکس و ڕێبازی مارکسی کلاسیکی هەردوکیان هەموو ئەو سیاسەتانە ڕەتدەکەنەوە کە بانگێشەی ئەوە دەکەن کە دەتوانن هەڵبستن بە ڕێکخستن و کارکردن بە ئاراستەی چاکترکردنی سەرمایەداری.

ڕاشیدەگەیەنن کە سیاسەتی لەو جۆرە نەك تەنها بێ هودەیە، بەڵکو سەرتاپای زەرەر بەخشە لەبەر ئەوەی کار دەکات بە ئاراستەی دواخستنی هاتنی سەردەمی سەرمایەداری و کامڵبوونی، دواتریش هەرەسهێنانی.

بەو پێیەش ئەو جۆرە لە سیاسەت پێشکەوتوخواز نیە، بەڵگو دواکەوتوخوازە. ئەم نمونەیەی پێشتربوو کە وایکرد پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی ئەڵمانی دەنگبدات لە دژی یاسای زەمانەتی کۆمەڵایەتی کە بیسمارك دایناوبوو، هەروەها پەکخستنی پلانی بسمارك بۆ خۆماڵیکردنی پیشەسازی توتنی ئەڵمانی.

لە کۆشە نیگای هەمان پرەنسیپیشەوە، کۆمەنیستەکان ئەمەیان بە "پرۆتۆکۆلێکی ئەمەریکی نوێی" پۆلێنکرد ناویان برد بە پلانگێڕییەکی ڕەجعی یەکجار زیانبەخش بە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی کرێکاران.

ئەوەی کە پیویستە درکی پێبکەین ئەوەیە کە دوژمنایەتی نێوان بانگێشەبۆکەرانی دەستێوەردانی حکومەت و کۆمەنیستەکان بریتیە لە بەرجەستەبونی ململانێی نێوان ڕێبازی مارکسیزمی سەرتا و مارکسیزمی دواقۆناغ. ململانێی نێوان مارکسی ساڵی 1848 ی نوسەر پەرتوکی "مانیفێستی کۆمۆنیستی" و مارکسی ساڵی 1867ی نوسەری پەرتوکی "سەرمایە".

بەراستی ئەوە ناکۆکییەکی ڕوکەشە کە دەبینین ئەو بەڵگەنامەیەی کە مارکس تێیدا ئەو سیاسەتە هەنوکەییانەی خستۆتە ڕوو کە دژی کۆمۆنیزمی ساختەیە کە ناسراوە بە "مانیفێستی کۆمۆنیستی".

دوو ڕێگە هەیە بۆ گۆڕانی سەرمایەداری بەرەو سۆشیالیزم. یەكێكیان خۆی لە دەستبەسەراگرتنی موڵكدارێتی سەرجەم كێڵگە و كارگە و كۆگا بازرگانییەكان و بەگەرخستنیان لە ڕێگەی دەزگایەكی بیرۆكراتی لە شێوەی ئیدارەی حكومەتدا. هەروەك لینین دەڵێت كۆمەڵگا سەرتاپای دەبێتە "یەك فەرمانگە و یەك كارگە كە بە كاركردنی یەكسان و كرێی یەكسان دەناسرێتەوە" و سەرجەمی ئابوریش ڕێكدەخرێت "لەسەر بنەمای سیستەمی پۆستە".
ڕێگەی دوەمیش بریتییە لە شێوازی پلانی هیندنبێرگ، كە ئەویش نمونەی ئەڵمانیی ڕەسەنە بۆ دەوڵەتی پلان و خۆشگوزەرانی. ئەم ڕێگەیەیان هەموو دامەزراوەكان و تاكەكان ناچاردەكات كە بەتەواوەتی پابەندی ئەو فەرمانانەبن كە لە لایەن ئەنجومەنی ناوەندی بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی سەر بە حكومەتەوە دەردەچن. ئەمەش مەبەستی یاسای گێرانەوەی سەلامەتی پیشەسازی نیشتیمانی ساڵی 1933 بوو، كە بەربەركانی كەرتی كرێكاران لەكاریان خست و دادگای باڵاش ڕایگەیاند كە دەستووری نییە. ئەمەیە بیرۆكەی شاراوەی ئەو هەوڵانەی دەیانەوێت پرۆژە تایبەتەكانی پلاندانان بگۆڕن.

## كۆنترۆڵكردنی ئاڵوگۆڕی بیانی (واتە دراو و ڕەسیدی بیانی)

ئیدارەی سەرەكی بۆ هێنانەدی جۆری دووەم لە سۆشیالیزم لە وڵاتانی پیشەسازی وەك ئەڵمانیا و بەریتانیادا خۆی لە كۆنترۆڵكردنی ئاڵوگۆڕی بیانیدا دەبینێتەوە. ئەو وڵاتانە لە توانایاندا نیە خۆراكی گەلەكانیان لەسەر بنەمای بەروبومە ناوخۆییەكانیان دابینبكەن، بۆیە پێویستیانە بڕی هێجگاری زۆری خواردن و كەرەستەی خاو هاوردە بكەن.
بۆ ئەوەی بتوانن پارەی ئەوە هاوردە زۆر پێویستانەش بدەنەوە، ناچارن ئەو كەلوپەلانە بنێرنە دەرەوە كە لە كەرەستەی خاوی هاوردە دروستكراون. و لەو دەوڵەتانەی باسمانكرد، هەموو كردەیەكی بازرگانی بەشێوەكی نزیكەیی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، دەچێنە خانەی هاوردن و هەناردن، یان هەردوكیان پێكەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش، ڤۆرغكردنی كڕین و فرۆشتنی دراو و ڕەسیدی بیانی لەلایەن حكومەتەوە وا دەكات هەموو چالاكییەكی بازرگانی پشت بە هەڵسوكەوتی ڕەهای حكومەت ببەستێت كە خەریكی كۆنترۆڵكردنی ئاڵوگۆڕی بیانییە.

لەم وڵاتە (واتە ئەمریكا) مەسەلەكە بە جۆرێكی ترە. قەبارەی بازرگانی دەرەكی تا ڕادەیەك بچوكە بە بەراورد لەگەڵ سەرجەمی قەبارەی بازرگانی وڵاتدا. بەم پێیەش، كۆنترۆڵكردنی ئاڵوگۆڕی بیانی بەشێوەیەكی كەم كاردەكاتە سەر بەشە زۆر گەورەترەكەی بازرگانی ئەمەریكی. ئەمەش هۆكاری نەبوونی هەر پێشنیارێكە لە بەرنامەی پلاندانەرانی ئەم وڵاتە لەبارەی كۆنترۆڵكردنی ئاڵوگۆڕی بیانییەوە. ئەو مەسەلانەی ئەوان چاودێریدەكەن، بە ئاراستەی دیاریكردنی نرخ و كرێ و نرخی سود دەبێت. هەروەها بە ئاراستەی چاودێریكردنی وەبەرهێنانی دیاریكردنی قازانج و داهات دەبێت.

## باجی هەڵكشاو

ئەگەر چاوێك بخشێنینەوە بە پەرەسەندنی رێژەی باجی دەرامەت لە سەرەتای دەستپێكی باجی داهاتی فیدرالییەوە لە ساڵی 1913 تا كاتی ئێستامان، شتێكی چاوەڕوانەنەكراوبوو ببینین رۆژێك دێت باج لە سەدا سەدی سەرجەمی برە زێدەكانی داهاتی دەنگدەری ئاسایی هەڵدەلوشێت. ئەمەش ئەو شتەیە كە ماركس و ئەنگلس بیریان لێدەكردەوە كاتێك پێشنیاری مانیفێستی كۆمۆنیستییان كرد "باجی دەرامەتی بە قورسی هەڵكشاو یان پلە بە پلە."

یەكێكی دیكەی لە پێشنیارەكانی مانیفێستی كۆمۆنیزم بریتیبوو لە "هەڵوەشاندنەوەی هەموو مافێكی بۆمانەوە (وەرەسە)". دەبینین كە هیچ كام لە بەریتانیا و ئەمەریكا نەگەیشتونەتە ئەم خاڵە. بەڵام كە جارێكی دیكە تەماشای مێژووی باجی خانوبەرە دەكەین، دەبینین كە زیاتر و زیاتر لەو ئامانجە نزیك بۆتەوە كە ماركس دایرشتوە. باجی خانوبەرە بەو ئاستەی كە پێشتر پێیگەیشتبوو لە كەرتە بەرزەكان، چیتر بە باج نادرێنە قەڵەم. بەڵكو بریتین لە رێوشوێنی لێسەندنەوەی موڵكایەتی.

ئەو فەلسەفەیەشی كە سیستەمی باجی هەڵكشاوی لەسەر بەندە، خۆی لەوەدا دەبنێتەوە كە داهات و موڵكوماڵی چینە خۆشگوزەرانەكان نەتوانرێت بە ئاسانی پەی پێببرێت. ئەوەشی كە داكۆكیكەران لە رێژەی ئەو باجانەی باسمانكرد دركیان پێنەكردوە ئەوەیە كە برِی زۆری باجی دەرامەت، سەرف نەدەكرا، بەڵكو پاشەكەوت دەكرا و وەبەردەهێنرا.

لە راستیشدا، ئەم سیاسەتە داراییە نەك بە تەنها رێگە دەگرێت لە كەڵەكە بوونی زیاتری سەرمایەی نوێ، بەڵكو دەبێتە مایەی نزمبونەوەی ئاستی كەڵەكەبوونی سەرمایە. ئەمەش بێگومان باری هەنوكەییە لە بەریتانیا.

## مەیل بەرەو سۆشیالیزم

رووداوەكانی سێ ساڵی رابردوو بەرەوپێشچونێكی بەردەوامی بەخۆیەوە بینی، سەرباری پەككەوتنی جارجارەی، بە ئاراستەی دامەزراندنی سۆشیالیزم لەم وڵاتە لەسەر شێوازی بەریتانی و ئەڵمانی.
ئەمەریكا دوای ئەو دوو وڵاتە بە وادەیەك دەستیكرد بە هەنگاونان بەرەو ئەو ئاراستەیە، و لە ئێستادا زۆری ماوە بگاتە ئەو ئامانجە. بەڵام ئەگەر ئاراستەی سیاسەتەكە نەگۆڕیت، دەرئەنجامەكەی دەگۆڕێت، لە خاڵی لەنەكاو و ناگرنگ، لەوەی كە رویدا لە ئەڵمانیای هێتلەری و بەریتانیای ئاتلیدا. سیاسەتی نێوەندی رێگە سیاسەتێكی ئابووری نیە كە بتوانێت بەردەوام بێت، بەڵكو شێوازێكە بۆ بەدیهێنانی سۆشیالیزم پلە بە پلە.

## سەرمایەداریی كەڵێندار

زۆربەی خەڵك نارازین. هەموویان جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەكەنەوە كە زۆربەی ئەو یاسایانەی كە ئامانجیان پلاندانان یان هەڵوەشاندنەوەی مۆڵكایەتییە بەهۆی باجی هەڵكشاوەوە، ئەمانە چەند كەلێنێكیان جێهێشتوە كە بوارێك بۆ دامەزراوە تایبەتەكان جێدەهێڵێت تا بتوانن لە سایەی دا بەردەوامبن. هەبوونی ئەو كەلێنانە تا ئێستا و بەهۆیانەوە تا ئێستا ئەم وڵاتە بە وڵاتێكی ئازار دادەنرێت، ئەمەش ڕاستە.

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرمایەداری كەلێندار كە باسمانكرد سیستەمەێكی هەتاهەتایی نیە. بەڵكو وادەیەكی دواخستنە، بەو پێیەی هێزە كاراكان لە ئێستادا خەریكی پڕكردنەوەی ئەو كەلێنانەن. ئەو بوارەی كە دامەزراوە تایبەتەكان بە ئازادی كاریتێدا دەكەن، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە كەمبونە.

## گەیشتن بە سۆشیالیزم شتێكی حەتمی نیە

بێگومان ئەم دەرئەنجامە حەتمی نیە، بەو پێیەی دەتوانین ئاراستەكان بگۆڕین هەروەك چۆن زۆربەیان بە درێژایی مێژوو گۆڕاون. دۆگمای ماركسیزم بڕوای وایە كە سۆشیالیزم هەر دێت وەك بەشێك لە "حەتمییەتی یاسای سروشت"، ئەمە بیرۆكەیەكی سەرپێییە و هیچ بەڵگەیەكی سەلماندنی نیە. بەڵام ئەو ناوبانگەی كە ئەو پێشبینییە نەزۆكە هەیەتی تەنها لەنێو ماركسییەكاندا نیە، بەڵكو لە نێو گەلێك لە ناماركسییانەشدا كە خویان بە ماركسی دەزانن، كە ئەویش ئامرازی سەرەكییە لەبەرەوپێشچوونی سۆشیالیزمدا.

ئەم بیرۆكەیە ڕۆحی هەستكردن بە بەزین لەنێو ئەوانەدا بڵاودەكاتەوە كە بە پێچەوانەوە دەیانویست بوێرانە شەر لە دژی هەرەشەی سۆشیالیزم بكەن.

بەهێزترین هاوپەیمانی ڕوسیای سۆڤێتیش ئەو پەیڕەوەیە كە دەڵێت "شەپۆلی داهاتوو" دەمانبات بەرەو سۆشیالیزم، و دەرئەنجامیش بە یەكێك لە مەسەلە "پێشكەوتووخوازەكان" دادەنرێت لە هاوسۆزیدا لەگەڵ سەرجەمی ئەو ڕێوشوێنانەی كە بە شێوەیەكی ڕوو لە زیادبوو سنوربەندی پرۆسەی ئابوری بازاڕ دەكات.

تەنانەت ئەم وڵاتەش كە سەدەیەك قەرزاری "تاكگەرایی سەرسەخت"، و ئەوەش باڵاترین ئاستە كە هەر وڵاتێك پێیبگات، ڕای گشتی پرەنسیپی دەستێوەردان ڕەتدەكاتەوە. لە پەنجا ساڵی ڕابردودا، هەزاران پەرتوك بڵاوكرانەوە كە سەرمایەداری تۆمەتباردەكەن و بانگێشە بۆ دەستێوەردانی ڕیشەیی حكومەت و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و سۆشیالیزم دەكەن.

هەرچی ئەو ژمارە كەمەی ئەو پەرتوكانەشە كە هەوڵیانداوە بەشێوەیەكی گونجاو ئەركی ئابوری بازاری ئازاد باس بكەن، ئەوەندە كەمبوون كە خەریكبوو خوێنەر تێبینییان نەكات. نوسەرەكانیان بە نەناسراوی مانەوە، لە كاتێكدا نوسەرگەلی وەك فیلبن و كۆمێنو و جۆن دیوی و لاسكی تیشكی زۆریانە خرایە سەر و بە شانوباڵایاندا هەڵدرا.

یەکێك لە راستییە زۆر دیار و ئاشکراکان ئەوەیە کە شانۆ و پیشەسازی هۆلیود هیچیان کەمتر نیە لە رۆمانەکان لە رەخنەگرتنی ریشەییدا لە دامەزراوە ئازادەکان. لەم وڵاتەش چەندین بڵاوکراوە هەیە کە لە هەموو مەیەسەلەیەکدا هێرشی توند و تورە دەکاتە سەر ئازادی ئابوری. و زۆر دەگمەنیشە گۆڤارێکی بیرورا ببدۆزیتەوە کە داکۆکی بکات لەو سیستەمەی کە خۆراکی باش و لانە و ئۆتۆمبێل و بەفرگرە و رادیۆ و چەندینی تریشی بۆ زۆربەی خەڵك دابینکردوە، کە کەسانی وڵاتانی دیکە بە کەمالیات ناویان دەبەن.

کاریگەری ئەم مەسەلانە لەوەدایە کە لەروی کردارییەوە کاری زۆر کەم کراوە بۆ پاراستنی سیستەمی دامەزراوە تایبەتەکان. تەنها تا-نیوەی-ڕێگە-رۆیشتوەکان لەو بڕوایەدان کە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە کاتێك کردەیەکی روخێنەریان کەمێك دواخستوە. ئەوان بەردەوام لە بەرەودواچوندان.

ئەمرۆ لەگەڵ ئەو رێوشوێنانەدا هەڵدەکەن کە 10 یان 20 ساڵ لەمەوبەر بڕوایان وابوو کە جێگەی وتووێژ نیە. و چەند ساڵێکی تریش ملدەدەن بۆ چەند رێوشوێنێك کە ئێستا زۆر دوری دەزانن تەنانەت قسەشی لەسەر بکەن.

تاقە رێگریش لە هاتنی سۆشیالیزمی ستەمکار تەنها بە گۆڕینی سەرتاپاگیر دێت لە ئایدۆلۆجیاکاندا. و ئەوەشی کە پێویستمانە بریتی نیە لە دژایەتی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم، بەڵکو پەسەندکردنێکی پۆزەتیڤ و راستگۆیانەی ئەو سیستەمەی بە هەموو سەروەت و سامانمان قەرزارییین، و کە ئەم سەردەمەمان لەو سەردەمە تێپەڕیوانەی بەشێوەیەکی بەراوردکارانە کۆتبونەداوی بوون جیادەکاتەوە.

ئەم وانەیە لەبەردەم کۆمەڵەی زانکۆ نیۆرکدا پێشکەشکراوە لە رۆژی 18ی نیسانی ساڵی 1950. و بۆ یەکەم جاریش لەلایەن کۆمێرشیاڵ ئاند فاینانشیاڵ کرۆنیکەڵ لە 4ی ئایاری 1950 چاپکراوە.